**ئەگەر کارەکەیان لێستاندوویتەوە - ئێمە هەین بۆ ئەتۆ!**

فۆندی دڵنیایی تی.ئێس. ئێل بیمەیەکی بەخۆڕایە بۆ ئەو کەسەی کە کارەکەی لێدەستێننەوە بە هۆی

کەمی کار. ئەوە سوودێکە کە هەیە لە ئەو شوێنانەی کار کە ڕێککەوتننامەی گشتیان هەیە. بیمەکە

بە مانای ئەوەیە کە یارمەتی وەردەگریت بۆ وەرگرتنی کارێکی تازە، دەستپێکردنی شیرکەتی خۆ یان دەستپێکردن بە خوێندن و هە روەها یارمەتی

لە کاتی پێوەندی لەگەڵ سندوقی بیمەی گشتیی و دەستگاکانی دیکە. ئەوە هەروەها دەکرێت قەرەبووی ئابووری

تێدا بێت (کۆمەکی لەسەرکار لاچوون) و خوێندنێکی پیشەیی کورتتر.

ئەتۆ دەتوانیت دڵنیا بیت بەو پشتگیریە کە ئێمە پێشکەشی دەکەین:

- ئێمە بە ڕەچاوی گشتی ساڵانە یارمەتی ۱۵۰۰۰ کەس دەدەین بۆ گەیشتن بە کار
- ئەو ۱۰ ساڵانەی ئاخر ئێمە یارمەتی زیاتر لە ۲۵۰۰۰۰ کەسمان داوە
- زیاتر لە ۸۰ لەسەدی ئەوانەی کە ئێمە یارمەتیان دەدەین کارێکی تازەیان هەیە لە ماوەی ساڵێک

بەم شێوە دەکرێت

١. ئەتۆ ڕاوێژکارێکی گونجاندن دەبینیت لە لایەن تی.ئێس.ئێل و زانیاری وەردەگریت دەربارەی دەرفەتەکانت

٢. تی.ئێس.ئێل ئەو شیرکەتی گونجاندنە هەڵدەبژێرێت کە لەگەڵ ئەتۆ کار دەکات بەرەو کارێکی تازە

٣. ئەو ڕێنمایکارەی کار کە لەگەڵ ئەتۆ کار دەکات بەرەو کارێکی تازە پێوەندیت پێوە دەکات

٤. ئەگەر پێویست بێت ئەتۆ دەرفەتی ئەوەت هەیە کە خوێندنی پیشەی کورتتر وەرگریت

٥. ئەگەر تەمەنت لەسەرەوەی ۴۰ ساڵت بێت ئەوا دەتوانیت کۆمەکی لەسەرکار لاچوون وەرگریت (ئا.گێ.بی)

**فۆندی دڵنیایی تی.ئێس.ئێل**

ژمارەی تەلەفۆن: ۰۰ ۹۱ ۴۸۰ - ۰۱۰

پۆستی ئەلەکترۆنیکی: info@tsl.se

Trygghetsfonden tsl

راستیی

ئایا ئەتۆ مافی پشتگیری گونجاندنت هەیە؟

بیمەی گونجاندن سوودێکە بۆ ئەتۆ کە لە شوێنێکی کار دەکەیت کە ڕێککەوتننامەی گشتی هەیە لەگەڵ ڕێکخراوەیکی یەکێتی کرێکاران. ئەوە داوایەک نیە کە ئەندامی سەندیکایەک بیت.

مەرجگەل:

•دامەزراندنی دایم

• ۱۲ مانگی دامەزرانی پێکەوەبەستراو لای یەک یان چەندین شیرکەتی بە ڕێککەوتننامەی گشتی

•لانی کەم ۱۶ کاژێر کاتی کار لە هەفتە

•جوابکراو لە شوێنی کار بە هۆی کەمی کار

•تەمەنی ۶۵ ساڵەت پڕ نەکردوەتەوە

زانیاری زیاتر دەربارەی بیمەی گونجاندن لە ماڵپەری http://www.tsl.se/jobbsokare/

**ئایا ئەتۆ مافی کۆمەکی لەسەرکار لاچوونت هەیە؟**

کۆمەکی لەسەرکار لاچوون، ئا.گێ.بی بڕێکی یەکجارەیە کە دەکرێت بە ئەتۆ بدەن کە لە دامەزراندنێکی دایمی دەر کراویت بە هۆی کەموونی کار. بۆ ساڵی ۲۰۱۸ بڕەکە لە بەینی ۳۴۸۵۶ و ۵۰۷۰۵ کرۆنە بە پێی تەمەنی ئەتۆ. ئەوە بیمەی ئا.ئێف.ئایە کە مامەڵەی ئا.گێ.بی. دەکات.

مەرجگەل:

•ئەتۆ دەبێت لانی کەم ۵۰ مانگ کارت کردبێت ئەو پێنج ساڵانەی ئاخر

•ئەتۆ دەبێت لای یەک یان چەندین شیرکەت دامەزرابیت کە بیمەی گونجاندنیان هەبووە

•ئەتۆ دەبێت لە کار دەریان کردبیت بە هۆی کەمبوونی کار

•ئەتۆ دەبێت تەمەنی ۴۰ ساڵت پڕ کردبێتەوە ئاخرین ڕۆژی دامەزراندن

•ئەتۆ بۆ خۆت داوای کۆمەکی لەسەرکار لاچوون دەکەیت

•خاوەنکارەکەت دەبێت داواکە ئێمزا بکات

زیاتر بخوێنەوە دەربارەی مەجەکان و داوای کۆمەکی لەسەرکار لاچوون بکە لە ماڵپەری بیمەی ئا.ئێف.ئا:

http://www.afaforsakring.se/avgangsbidrag